# ئازادی
# لەبەرامبەر دەسەڵاتدا

نۆربێرتۆ بۆبیۆ
لەفارسییەوە: ڕێباز مستەفا



مەبەست لەبەکارهێنانی ڕێوشوێنی یاسایی، کە بەتایبەتمەندێتیی دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای مافەکان حیسابدەکرێ، بریتیە لەپشتیوانیکردن لەتاک لەبەرامبەر خراپ سوودوەرگرتن لەدەسەڵاتدا، بەواتایەکی دی ئەو ڕێوشوێنانە بەمانای دەستبەرکردنی ئازادیەکان دەژمێردێن، تێروانینێک سەبارەت بەئازادی کە بە(ئازادیی نێگەتێڤ- Negative Liberty) ناسراوە. قەڵەمڕەوێک لەکارکردو چالاکیی تاک کە دەسەڵاتداران مافی ئەوەیان نییە ڕێ لەتاک بگرن لەوکارەی خۆی حەزی لێیەتی ئەنجامیبدات یان ناچاری بکەن بەئەنجامدانی کارێک کە پێیخۆش نییە ئەنجامیبدات. بەگوێرەی دیدگای زاڵ لەنەریتی لیبرالدا (ئازادی)و (دەسەڵات) دووچەمکی دژ بەیەکو هەریەک سەروکاری بەبوارێکی جیا لەوەی دیکەوە هەیە، بۆیە لەگەڵ یەکدا ناکۆکن، لەودیدگایەداو لەمەڕ پەیوەندیی دووتاکدا، زیادبوونی دەسەڵاتیی هەر یەکێکیان دەسەڵاتی مۆڵەتدار یان قەدەغەکراو، بەمانای کەمکردنەوەو داشکاندنی ئازادی (ئازادیی نیگەتیڤ)ی ئەوەی دیکەیانەو بەپێچەوانەشەوە تا یەکێکیان ئازادیی خۆی زیاتر پەرەپێبداو فراوانتری بکات ئەوا دەسەڵاتی ئەوەکەی دی بەرتەسکو کەمتردەبێتەوە.



کانت

لێرەدا پێویستە بگوترێ کە لەئەندیشەی لیبرالدا، تەنها ڕێوشوێنە یاساییەکانی حکومەتی دامەزراو، لەسەر بنەمای مافەکان دابینکەری ئازادیی تاک نین، بەڵکو وێڕای ئەمانە تەنها ئەو ئەرکانە بەدەوڵەت دەسپێرن، کە پەیوەندیان بەپاراستنی ئاسایشو نەزمی گشتی لەسەر ئاستی میللی ،یان نێودەوڵەتیەوە هەیە، لەئەندیشەی لیبرالدا تیۆری پێویستبوونی کۆنترۆڵی دەسەڵاتو تیۆری سنووردارکردنی ڕۆڵی دەوڵەت هاوتاو هاوسەنگی یەکنو تەنانەت ڕەنگە کەسانێک هەبن پێیانوابێت تیۆری دووەم مەرجێکی پێویست بێت بۆ تیۆری یەکەم، بەو مانایەی کە تا قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت زیاتر بەرتەسک بکرێتەوە، ئەوا خراپ سوودوەرگرتن لەدەسەڵاتیش زۆر باشترو ئاسانتر دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێتو لەنێو ببردرێت، بەکورتی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی کەمینە ئاسانترە لەکۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی زۆرینە.

لەڕوانگەی تاکەوە کە لیبرالیزمیش ئەوە بەبنچینە دەزانێ، دەوڵەت بەڵایەکی پێویستە. بەمشێوەیە، گەرچی دەوڵەت خۆی لەخۆیدا بالایە (لایەنی هاوبەشی لیبرالیزمو ئانارشیزم-و.ف) بەڵام بەڵایەکی پێویستە (لایەنی لەیەکجیای لیبرالیزمو ئانارشیزم) لەبەرئەوە دەبێ دەستتێوەردانی دەوڵەت لەقەڵەمڕەوو ڕەفتاروچالاکیەکانی تاک تا دەکرێ کەمبکرێتەوە.

(تۆماس پاین ١٧٣٧-١٨٠٩) لەسەروبەندی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەمریکادا، وێڕای پشتیوانیکردن لەمافەکانی مرۆڤ، ئەو دیدگایەی بەڕوونی بەمشێوەیە دەربڕی:

کۆمەڵگە پێداویستیەکانمانو حکومەتیش بەدکاری و سەرەڕۆییەکانمان دەخەنەڕوو، کۆمەڵگاو حکومەت هەردووکیان ئێمە بەرەو خۆشبەختیو ئاسوودەیی ڕێنوێنی دەکەن، کۆمەڵگا بەشێوەیەکی دروستکەرانە لەڕێی یەکانگیریکردنی خواستو ئارەزووەکانمان، حکومەتیش لەڕێی پێشگیریکردن لەخراپەکاریو سەرەڕۆییەکانمان. کۆمەڵگا هانی لێکنزیکبوونەوە دەدا، بەڵام حکومەت کەلەبەرو جیاوازیەکان دەخاتەڕوو، کۆمەڵگا پشتیوانمانە، بەڵام حکومەت تۆڵەگرو سزادەرمانە، کۆمەڵگا هەرچۆنی بیگری بەهرەو شکۆیەکە، بەڵام حکومەت تەنانەت لەباشترین حاڵەتیشدا لەبەڵایەکی پێویست بەولاوە شتێک نییەو لەخراپترین حاڵەتیشدا بەڵایەکە کەمرۆ ناتوانێ بەرگەی بگرێ.

بەمجۆرە ئەگەر ئازادی لەسەر بنەمای پێناسەی زاڵ لەتیۆری لیبرال، یانی-ئازاد لەدەوڵەت- لەبەرچاوبگرین، دەتوانین پەیدابوونی دەوڵەتی لیبرال بەبەرەنجامێکی هاوکات حیساب بکەین کە بەلێکدانەوەی دەربڕینی

**ئەگەر ئازادی لەسەر بنەمای پێناسەی زاڵ لەتیۆری لیبراڵ، یانی-ئازاد لەدەوڵەت- لەبەرچاوبگرین، دەتوانین پەیدابوونی دەوڵەتی لیبراڵ بەبەرەنجامێکی هاوکات حیساب بکەین**



(پاین) هەمان بەرفراوانبوونی هەنگاو بەهەنگاوی ئەم قەڵەمرەوەیە کە تیایدا تاك لەدەخاڵەتی دەسەڵاتی دەوڵەت پارێزراوە، یان بەدەربرینی هیگڵیو مارکسیستی بەرەنجامێکە کە تیایدا کۆمەڵگە، یان کۆمەڵگای مەدەنی وردە وردە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا رزگاری دەبێ.

دوو قەڵەمرەوی بنەڕەتی ئەو ئازادیە بەمشێوەیەن: یەکێ ئازادی لەمەسەلە ئاینیو مەعنەویەکانو ئەوەی دی ئازادی لەژیانی ئابووریو کاروباری مادییەوە، (فیبەر ١٨٦٤-١٩٢٠) لەتێزی ناسراوی خۆی سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان ئەخلاقی پرۆتستانو رۆحی سەرمایەداری، نیشانیدا کە ئەو دوو بەرەنجامە پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، هەرچۆنێ بیگری ئەوە راستییێکە کە پەیدابوونی دەوڵەتە لیبراڵەکان هاوزەمانی دوو دیاردەی دیکە بووە: یەکێك ئەو دەوڵەتانەی کە لەسەر تووڕدانی باوەڕەکانو سەرهەڵدانی دەوڵەتە بێلایەنەکان، یان گوێنەدانو خۆبواردن لەباوەڕە دینییەکانی هاووڵاتیان دامەزراونو ئەوەی دووەمیان لەنێوچوونی ئیمتیازاتو کۆتو بەندەکانی سیستەمی دەرەبەگایەتیو سەرهەڵدانو پەیدابوونی خواستو ئارەزووی ئازادانەی هەمووان بۆ گەیشتن بەسامانو ئازادیی دانوستانە، کە ئەوە نیشانەی پەیدابوونو پەرەسەندنی کۆمەڵگای سەوداگەری بۆرژوازیە.

لەم روانگەیەوە دەبێ دەوڵەتی لیبراڵ لەهەر شێوەیەکی باوکسالاریدا جیابکرێتەوە. لەروانگەو دیدگای باوکسالارانەدا ئەرکو وەزیفەی دەوڵەت بریتیە لەسەرپەرشتیکردنی هاووڵاتیانی خۆی، سەرپەرشتیکردنێکی وەك ئەوەی باوك لەمنداڵەکانی خۆی دەیکات، کە هەمیشە جۆرێك نیگەرانی بۆ هاوڵاتیان یان تاکەکانی کۆمەڵگا دروستدەکات، لەو رووەی کە کۆمەڵگە بۆ خۆدەرخستنی خۆی هەردەم بەبچووكو بێبایەخ تەماشایان دەکات، یەکێ لەئامانجەکانی لۆك کە لەدوو پەیماندا سەبارەت بەحکومەتی مەدەنی، نیشاندانی ئەوەبوو کە دەسەڵاتی مەدەنی، یان دەسەڵاتێك کە مەبەست لەهێنانەکایەی دەستبەرکردنی ئازادیو خاوەندارێتیی تاکەکانە، کە بۆ بنیاتنانی حکومەتێك پێکەوە کۆدەبنەوە، لەگەڵ حکومەتی باوکسالارو بەپلەی یەکەمی لەگەڵ دڵنەواییکردنو بەندەنەوازیدا جیاوازی هەیە، بەمشێوەیە (کانت ١٧٢٤-١٨٠٩) لەمەڕ رەتکردنەوەی باوکسالاریدا بەروونیو زۆر بەتوندی نووسیویەتی:

حکومەتی باوکسالار، واتە حکومەتێك کە وەك فەرمانڕەوایی باوك بەسەر منداڵەکانیدا لەسەر بنەمای خێرخوازی لەگەڵ خەڵکدا جێگیرەو بەشێوەیەك رەفتاریان لەگەڵدا دەکات، کە کەسانێکی بچووكو هیچ نەزانو چاکەو خراپەی خۆیان لێکجوێناکەنەوە.

لەو حکومەتەدا خەڵك وارادەهێندرێنو ناچاردەکرێن کە رێی کارلێکردن بگرنە بەرو چاو ببڕنە دەستی حکومەت، تاکو رێگەی خۆشبەختیان نیشانبداو هیچ چاوەڕوانییەکی زیاتریان نەبێ لەوەی کە حکومەت خۆی پێیانەوە بەرەوا دەبینێ.

ئەو جۆرە حکومەتە بەدترین جۆرە لەتاکرەویدا کە بیرلێبکرێتەوە.

نیگەرانیو سەرقاڵی کانت بەر لەهەرشتێك سەبارەت بەئازادی ئەخلاقیی تاکە، لەبواری ئازادیی ئابووریو سوودو دەستکەوتی شەخسیشدا نیگەرانیو بایەخدانەکانی (ئادەم سمیس ١٧٦٧-١٨٣٥) زۆر بەرجەستەو دیارن، بەپێی (سیستمی ئازادیی سروشتی) حکومەت تەنها سێ بەرپرسێتیی گرنگی لەئەستۆیە:

یەکەم: داکۆکیکردن لەکۆمەڵگە لەبەرامبەر دوژمنانی بیانیدا.

دووەم: پاسەوانیکردنو پاراستنی مافی گشت تاکێك لەبەرامبەر دەستدرێژی خەڵکانی دی.

سێیەم: لەئەستۆگرتنی هەندێ لەکاروباری کۆمەڵایەتی کە دەستکەوتی

شەخسیی تاکەکان بەو تاکانە خۆیان دەستەبەر ناکرێ. کانتو سمیس توێژینەوەی خۆیان لەدوو جێی زۆر لێکجیا دەستپێدەکەن، بەلام ئەوەی ئەوان دەگەیەنێت بەو بروایەی کە سنووردار بوونی رۆڵی دەوڵەت پێویستە، داوایەکی هاوبشە کە ئازادیی تاک لەپێشترو گرنگترە لەدەسەلاتی حکومەتو ئەرکەکانی حکومەت پەیوەستن بەمافو بەرژەوەندییەکانی تاکو لەوەوە سەرچاوە دەگرن.

(ویلهێلم ڤۆن هومبۆڵت ١٧٦٧-١٨٣٥) لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا، سەدەی بڵاوکراوەی مافەکان، سەدەی کانتو سمیس، لەنامیلکەی (سنووربەندیی کارکردو چالاکیەکانی دەوڵەت-١٧٩٢) ئەنجامگیرییێکی زۆرباش سەبارەت بەدەوڵەتی ئایدیالی لیبرالیزم دەخاتە بەردەست.

دەتوانین مەبەستی نووسەر بەروونی لەناونیشانی نامیلکەکەو لەوەش گرنگتر لەوقسانەی کە لە(میرابۆ)ی پیر وەرگیراونو لەبەشی یەکەمی نامیلکەکە ئاماژەیان پێکراوە، هەڵبهێنجین:

کێشەی هەرە زەحمەت بریتییە لەدانانی یاسا پێویستەکانو پابەندی هەمیشەیی بەبنەمای یاسایەکی پەسەندکراوو بەمتمانە لەکۆمەڵگادا، ئەوە پێویستی بەحکومەتێك هەیە کە لەکاری فەرمانڕەوایی خۆیدا، توندوتیژیو رقوکینە وەلابنێ، چونکە ئەو رقوکینەیە کوشندەترین نەخۆشییە کە حکومەتە مۆدێرنەکان پێیەوە گرفتارن.

هومبۆڵت بەتوندی لەو باوەڕەدایە کە تاك بەهەموو تایبەتمەندییەکانیو ئەو فرە چەشنییەی کە وەسفناکرێ، دەبێ خاڵی دەستپێکی ئێمە بێت. هومبۆڵت جەخت دەکاتەوە کە ئامانجی راستەقینەی مرۆڤ، تۆکمەکردنو خستنەکاری هەموو تواناکانی خۆیەتیو بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئامانجەو ئامادەکاریمان هەبێ، دەوڵەتی نموونەیی ئێمە دەبێ بەپێی ئەو بنەمایانەی خوارەوە بەڕێوە ببرێت:

هۆش تەنها ئەوەی بۆ مرۆڤ دەوێ کە هەرتاکێك لەژیانی تایبەتی خۆیدا، خاوەنی ئازادییەکی بێچەندوچوون بێت، بۆ تۆکمەکردنو ئامادەکارییەکانی خۆی، هەلومەرجێك کە سروشتیش تیایدا دەستلێنەدراو لەشوێنی خۆیدا بێتو تەنها لەو کارو چالاکیانەی کە خودی تاك بەپێی خواستێکی ئازادانەو گونجاو لەگەڵ زەمینەی پێداویستیو تایبەتیەکانی ئەنجامیان دەدا، کارلێکبکەن، هەلومەرجێك کەتیایدا تاك تەنها لەچوارچێوەی ئیختیاراتو مافەکانیدا سنووردار دەکرێت.

هومبۆڵت لەو گریمانەیدا دەگاتە ئەو ئامانجە کە (هەرجۆرە دەستتێوەردانێکی دەوڵەت لەکاروباری تایبەتیدا، واتە ئەو کاروبارانەی پەیوەندیان بەدەستدرێژیکردنە سەر مافی تاکەکانی دیکەوە نییە، دەبێ پەکسەر رەتبکرێتەوە).

هومبۆڵت تێروانینی کۆنو جێگیر لەسەر بنەمای رەسەنایەتیی گشت سەبارەت بەپەیوەندیی تاكو دەوڵەت ئاوەژوودەکاتەوە، ئەو ئاوەژووکردنەوەیە لەگەڵ ئاوەژووکردنەوەیەکی دیکە کە پەیوەندییێکی راستەوخۆی پێوە هەیە، واتە پەیوەندیی نێوان ئامانجو ئامراز وەك یەکەو پێیەوە بەهێزدەبێ، بەقسەی ئەو دەوڵەت تەنها ئامرازە نەك ئامانج. (بۆ بەرزکردنەوەو پێشخستنی فەرهەنگی هاوڵاتیان تا ئەورادەیەی کە بتوانن بۆ بەشداریکردن لەبەرنامەو پرۆژەکانی دەوڵەت هۆشیارییێك پەیدا بکەنو لەو ئیختیاراتو دەسەلاتەی کە دامودەزگا سیاسیەکان لەقازانجی بەرژەوەندیەکانی تاکدا دەیانخەنە بەردەست، چاوکراوانە مامەڵە بکەن).

ئامانجی دەوڵەت، ئەگەر ئامانجێکی هەبێ، ئەوا (ئاسایش)ە، هومبۆڵت لەنامیلکەکەیدا چەندینجار دووبارە دەکاتەوە کە ئامانجی دەوڵەت لەیەك وشەدا بریتییە لە(ئاسایش) واتە (دەستەبەرکردنی ئازادیە سیاسیەکان).

**سەرچاوە:**

-(لیبرالیزمو دیموکراسی)

**لەڕوانگەی تاکەوە کە لیبرالیزمیش ئەوە بەبنچینە دەزانێ، دەوڵەت بەلایەکی پێویستە. بەمشێوەیە، گەرچی دەوڵەت خۆی لەخۆیدا بالایە (لایەنی هاوبەشی لیبرالیزمو ئانارشیزم-و.ف) بەلام بەلایەکی پێویستە**